**به نــاوی خــوای بەخشــندەو میهرەبــان**
**بە نــاوی گەلـــەوە**
**ئە نجـومەنی نیشتمانیی کوردســـتانی عێــراق**
**ژمارەی بــڕیــــار : ١٤**
**رۆژی بــرپیـــار : ٢٠٠٢/١٠/٣**

## " بڕیـــار "

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمـارە (١)ی هـەموارکراوی سـاڵی (١٩٩٢) و ، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم ، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردسـتانی عێـراق لە دانیشتنی رۆژی (٢٠٠٢/١٠/٣) یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا :

یەکەم : دەسەڵات دەدرێت بە سەرەك وەزیرانـی هـەرێمی کوردسـتانی عێـراق کـە کەسـانی سەر بە لەشکری کوردستان (پێشمەرگە) خانەشین بکات و مووچـەی خانەنـشینییەکەشیان بە پێی روتبە و دەرەجەکانیان دیار بکات.

دووەم : هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت ، ناخرێتە بەرکار.

سێیەم : ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرهێنانیەوە دەخرێتە بەرکار و لـە وەقـایعی کوردستانیـشدا بڵاو دەکرێتەوە.

**د. رۆژ نــوری شــاوەیس**
**ســەرۆکی ئە نجــومــەنی نیشــتمانیی کوردســتانی ـ عێــراق**